جان جاك ڕۆسۆ

ئەو پیاوەی بستێك زەوی نەبوو لەسەری بژی

نووسینی : هاوڕێ دڵشاد

(بەشی یەکەم)

فەیلەسوف و تیۆرستی سیاسی نێوداری فەرەنسا کەنووسینەکانی بە یەکێك لە هۆکارانی هەڵگرسانی شۆڕشی فەرەنسا دائەنرێت ئەتوانین بڵێین کاری گەری ڕۆسۆ لە سەردەمەکەی خۆی و قۆناغەکانی پاش خۆی لە بڕنایەت دواتر ئەم کاری گەریە (کانت . هیگڵ) ئەگرێتەوەت . پاشان نووسەرو ڕۆمان نووسەکان و پەروەردە زانەکانی سەدەی بیستەم و ئێستاش پڕ ئەکات . چونکە ڕۆسۆ بەتەواوی (فەیلەسوف و هونەرمەند و پوبلیست و پەروەردەزان و پیسکۆسزان و پۆلێنزان و ڕخنەگری کۆمەڵیەتی و کۆمپۆنیست و پۆنتانیست و نووسەری مویوزیکیش بوو) بۆیە بەبڕوای (ئێرنیست کلێزەر) لەپێغەمبەرێك دەچوو .ڕۆسۆ ئەو هێزو سۆزەنوێیانەی پژاند کەلەنێو کۆمەڵگادا بەنەگۆڕی مابوونەوە بەنووسینی (کۆنترال سۆسیال) (پەیما نی کۆمەڵایەتی) هەیکەلی دەوڵەت و کۆمەڵگای ڕوخاند وبووەهۆی ڕێگە خۆشکە ێك بۆ هەڵگرسانی شۆڕشی فەرەنسا وە پاشان نووسینی ڕۆمانە پەروەردەیەکەی بەناوی (ئیمێل) وەڕۆمانی (ئیلیوزی نوێ) ژیانی هەستی زۆرنەوەی ئەوسەردەمەو بگرە ئێستاشی نوێ کردەوە . ڕۆسۆ لە هەست و فۆرمەکانی ژیاندا بگۆڕێکی ماندوونەناس بوو بەڵام ژیانی پڕبوو لەنەگونجان بەڵام ڕۆسۆ لەسەردەمەکەی خۆیدا یان درەنگ تر تەنها ئافەرین نەکراوە یان کەسایەتیو بەرهەمەکەی خرابێتە ژێر توێژینەوەوە دژ بەڕۆسۆ لەسەردەمەکەی خۆیدا بەتای بەتی لەژیانی خۆیدا هاوکات لەلای زۆر کەس مایەی کین و نەفرەت لێکراو بوو گەورەترین دژکاری نووسەری فەرەنسی (ڤۆلتێر) بوو کەلای قەشەکان پیاوانی ئاینی ئەوەی بۆهەڵدەبەست کەلەئاین لای داوە کە دەیست بەم شێوەیە لەناوی بیات یەکێکی کە لەدژکارە کانی ڕۆسۆ نوسەری ئینگلیزی هاوچەرخ (سیمۆلۆ جۆنسن) کەڕۆسۆی ناو نابوو (بچمێکی سەخیف) شایەنی ئەوەیە وەکگەنجێکی سەرسەخت لەتەك کۆمەڵێك لە سزا دراوە کاندا ڕەوانە بکرێت

ڕۆسۆ خۆی (سویسری) یە بەڵام نووسەرێکی فەرەنسیە ڕۆسۆ ساڵی(١٧١٢) لە (ژنێف) دێتە جیهانەوە ئائەو کاتە باوکی سەئات چی بوو دایکی (سوزان بێرنارد) کەدوای لەدایك بوونی ڕۆسۆ بەماویەکی کەم دەمرێت . بۆ یە(جان جاك ڕۆسۆ) لە دایك بونەکەی خۆی بەیەکم ئازاری خۆی دائەنێ . ئەڵێ من بووم بەهۆی مردنی دایکم . زانینەکەشم یەکەم نەگبەتیم بوو . ژان ژاك ڕۆسۆ خۆی ئەگێڕێتەوە کە ئەڵێ پورێکم منی بەخێوکردو ئەرکی پەروەردەکرد نمی گرتەئەستۆی خۆی لەمناڵیدا هەموونازێکی پێدەدام وەبرایەکم هەبوو کەحەوت ساڵ لەمن گەورەتر بوو ئەو لەگەڵ باوکم خەریکی سەعات چاکردن بوو ئەوشێوە نازەزۆرەی بەمن ئەدرا ئەوی کەمێ وەلا نابوو بۆیە هەرزو کاری کردە سەر بەرە لایەکەی و لەپاشان لەوڵات هەڵهات و ڕێیشت من بەتەنها وەك تاقانەیەك مامەوە وەژان ژاك ڕۆسۆ دەڵێ باوکم لەلایەنگرێکی بەبڕوای دەسڵاتی کۆمار بو دەیویست منیش بەو هۆش و ئەو شێوە دەسەڵاتە پەروەردە بکات . وەسیمایەکی بریتی بوو لەخوێندنەوەی شەوانە لەتەك باوکم دا

وە ڕۆسۆ لەپێنج یان شەش ساڵی یەوە کتێبی دەخوێنەوە و خۆشەویسترین نوسەر هەتاکۆتای ژیانی (پۆلۆ تاریش) بوو ئەم باسەی ڕۆسۆ لەبەرهەمەکەیا بەناوی (بخەوەکانی پیاسە کەرێکی تەنا) بۆمان دەرئەکەوێت کە چەندە سۆزی بەرام بەر بەو نووسەرە هەیە کە دەڵێت ئێستا زۆرکەم کتێب دەخێنمەوە لەنێو ئەم کتێبانەشدا (پۆلۆتاریش) بەتایبەتی دەم بزوێنێ ئەمە یەکم کتێب بوو کەلە منداڵیدا دەم خێندەنەوە لەتەمەنی پیریش دا دواین کتێبم دەبێ. بەڵام لەتەمەنی دە ساڵی ژان ژاکدا ڕوداوێك ڕوئەدات کەچی دی لەخوێندنەوە شەوان دەوەستی ئەوڕداوەش ئەوەیە کە باوك کی ئەفسەرێك بریین دار ئەکات و چیدی بۆ ژنێف ناگەڕێتوە ئیدی لێرەوە ڕۆسۆ بەتەواوی هەتی و دەکەوێت ئەمە لەسەیکەوە بۆژیانی ڕۆسۆ بێسود نابێ لەتەمەنێکی کەمدا بۆ خۆی خێدەهێڵرێت دەڵێ لەماڵەوە کتێب خانەیەکە گەورەمانە هەبوو پڕبوو لورۆمان و دیوان و کتێبی فەلسەفەو مێژووی بوون ڕۆسۆ بەزوی هەستی خزمەکانی دەبزوێنێ و هەر زە بەفر یای ئەکەون ڕۆسۆ لەنوسینی (کۆنفۆسێۆنەکاندا) بەنەرمی و پەرۆشیەوە لەمناڵی خۆی ئەدوێ . ئەمش بۆئەوە ئەگەڕێتەوە کە ڕۆسۆ لەزیاتر لەپەنجا ساڵ تەمەنی . تەمەنی مناڵی بەبەختەوەرترین کاتی ژیانی دەبێ . بەڵام ڕۆسۆ چیدی لەدوای تەمەنی مناڵی بەنائارامە تەمەن بەسەر دەبات ئیدی خزمەکانی دەیخەنە سەر پیشەکەی باوکی واتە سەعات چێتی ئیتر کەسی گوێبەوە نادات کەئەم مناڵە پێوستی بەچاو پۆشی هەیە بۆیە ڕۆسۆ دەڵێ من حەزم بەکارەکە نەدەکرد وەبێگومان تەواوم کرد گەروەستام پیاوێکی بەبەزەی نەبوایە ئەم بەزەبریەی وەستام فێری درۆو دزی و فێڵی کردم بۆیەکەم جار لەم پەیوەندیەدا دەسەڵات کۆیلەتیم بینی فێربووم حەزی نهێنیم هەبێ خواستەکانم بشارمەوەو مەرای بکەم خواست و نەتوانینم دەبنەهۆی درۆزنی و ساختەچێتی هەموو ئەم خراپانە وەستام وای لێدەکردم بیری لێبکەمەوە . کە پاشان بەسزای درێژەکانی خۆمم دادەنا مافێکی دامێ کە بەردەوامی بە دزی بدەم لەجیاتی ئەوەی ئاوڕ بۆ دواوە بدەمەوە و لەسزاکەی بڕوانم بەرەو پێش دەم ڕوانی و تەنها بیرم

لە تۆڵە کردنەوە ئەکردەوە . ڕۆسۆ هەر زوو ئەکەوێتە بەردەم ململانێکانی ژیانەوە ساڵی ١٧٢٨ کاتێ تەمەنی ١٦ ساڵان ئەبێ لە ئێوارەیەکی درەنگدا لەدوای پیاسەو گەڕانە خەواڵوە کنی .بە دەروازەی داخراوی شار ئەگات و هەر زوبڕیار ئەدات (ژنێف) بەجێبهێڵێ ژیانی گڕۆکی دەست پێدەکات .کەئەمە بۆ ڕۆسۆ زۆر باش دەبێ وزۆر شتی نوێ فێر ئەکات . ئالەم گەڕانەدا (مەدام دۆڤارۆ) لە (ئانس) ڕۆسۆ ئەگرێتە خۆی دۆڤارۆ بۆ ڕۆسۆ وەك دایك و پەروەر دەکارو دەزگیرانی لێدێ لەهەمان کات دا دۆڤارۆ ١٦ ساڵ لە ڕۆسۆ گەورەتر بوو . بۆیە ڕۆسۆ دەڵێ (خۆشم دەویست) ڕۆسۆ لەتك (دۆڤارۆ) دا تەمەنێك دەگوزەرێنێ . دۆڤارۆش هەدەم هەوڵئەدات ڕۆسۆ فێری پیشەیەك بێ بۆ یە چەندین پیشە تاقی دەکاتەوە چەندین شوێن دەگۆڕێ . بەڵام ئەم جیهانە دابراو نیە

تەمەنی ڕۆسۆ گەشتۆتە ٢٥ ساڵ و کەچی هیچ نازانێ لەم ماوەیەدا کە ئارام بوو بۆ ڕۆسۆ ئەیەوێ لەنێو ئەم ئارامیەدا بەدوای شتێکدا بگەڕێ فێری بێ کە خۆی حەزی لێیتیو هاوکات سود بەخشیش بێت بۆی . ئەمە تێڕوانینی ڕۆسۆ بوو بەدرێژای ژیانی لە نووسنی (ڕۆسۆ دادگای ژۆنژاك دەکات) با لەکار ئەکتەرەکەی خۆی ئەکات دەڵێ ژان ژاك حەزی لەکارکردنە . بەڵام ڕقی لەهەموکارێکی تەرخان کراو ئەبێتەوە . ڕۆسۆ دەڵێ خۆشترین ڕۆژ و گەشاوەترین کات ئەو ڕۆژە بوو . کە ڕۆسۆ کات ژمێرەکەی خۆی فرێئەدات بەدەنگێکی بەرزو خۆشیە هاوار ئەکات و ئەڵێ سوپاس بۆ تۆ یەزدان کە چیدی کە چیدی پێویست ناکات بزانم کات گەشتۆتە کوێ ڕۆسۆماوەیەك خەریکی لێکۆڵینەوە ئ بێلەتوانستە کانی خۆی هەتا زانێ چۆن سەرەتای فێر بوون دەست پێ بکات سەرەتا فەلسفە هەڵدەبژێرێ ڕۆسۆ چەنساڵ لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام ئەبێ . لەم ماوەیەدا ڕۆسۆ بەهۆی تەنگە ژەوە لەگەڵ دۆڤارۆدا پێکەوە ژیانیان کۆتای دێت ١٩٤٢ کۆچ ئەکات بۆ پاریس . ڕۆسۆ لەپاریس سەردانی ساڵۆنە ئەدەبیەکان ئەکات وە لەوێ لەپاڵ هەندێ نووسەری گەنجدا پەیوەندی هاوڕێیەتی ئەبەستێ .کەهەموویان تاڕادەیەك لەگەڵی دەگونجێن تیایدا نزیك ترین هاوڕێی ڕۆسۆ ناوی (دێنس دیدەرۆ) بوو ڕۆسۆ ئەوز کات وەك میوزکین و تیورستێکی میوزك ناسرا بوو بۆیە ڕۆڵی ئەو لەفەرهەنگێکی زانیاری لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نووسەرە گەنجەدا دەر یئەکەن بریتی ئەبێ لە چند وتارێکی میوزکی ساڵی ١٧٤٩ گرنگ ترین وەرچەرخان لەژیانی ڕۆسۆدا ڕوئەدات کەئەیەوێ سەردانی هاوڕێکەی بکات لەبەندین خانە واتە (دیدەرۆ) لەوێدا پرسیارێکی لێدەکرێت لەلایەن ئەکادمی دیژۆوە کە ئەمەیە(ئایاپێش کەوتنی زانیاری وهونەرەکان ڕۆڵێکی بۆ پێگەیاندنی ڕەوشت بینی وە) ڕۆسۆ دەڵێ کوت و پڕ ئەمە بوو بەهۆی یەکەم نووسینم . وەلاەمەکەشی بەنەخێر دەداتەوەو دەڵێ کەزانیاری و هونەر پتر زیانیان هەبووە وەك لە سود . ڕۆسۆ پێمان دەڵێ کەمرۆڤ بە کۆششی خۆی پێدەگات و بەتیشکی ئەقڵ تاریکی

ئەڕەوێنێتەوە . ئەو تاریکیەی کەسروشت بەسەر مرۆڤایەتیدا کێشاویەتی زانیاری و هونەر بەهۆی گرفتە کانمانەوە سەریان هەڵدا . ئەستێرە زانی لە فەرەنسا دروست بوو هونەری رشەوان بێژی لەتەماح و کینە و درۆوە و پێوانی زەوی لەملك خوازیەوە زانیاری سروشت لەنوێخوازیەوە تەنانەت مۆراڵیش لەفیزی مرۆڤەوە دروست بوو ڕۆسۆ دەڵێ ئێمە گیرو گرفتی زۆرمان هەیەو هەموومان لەڕوکەشەوە سەرهەڵئەدەین ڕۆسۆ بەهەڵمەتێکی دی ڕادەی بۆگەن بوونی نەریتمان نیشان ئەدات (هۆشی مرۆڤ سەرفرازە) بەڵام مرۆڤ خۆی بۆگەنی کردوە ئەمەش مسبەتێکە ئەم مسبەتەش کەمرۆڤ تێیکەوتوە ئەم مسبەتەشی بریتیە لەدووبەشی بوونی ئەو بەسەر بێگو ناهی حاشا لێکراو بۆگەن بوونی ناچاریدا . ڕوکەش و خراپە لەلای ڕۆسۆ هەمان واتای هەیە بچڕانی نێوان بون ڕوکەش پچرانی دی دروست ئەکات پچڕانی نێوان (چاك و خراپە) نێوان سرشت و کۆمەڵگا و نێوان مرۆڤ و خواکان تەنانەت پچڕان لەنێوان ناخی خودی مرۆڤ خۆشیدا . پاشان

سەرجەم مێژوو بەسەر (پێشین) و(دواین) دا دابەشی دەبێ . ئەم بابەتە بەلای ئەوەوە نەگبەتیەو ڕزگار بوون لێی دەبێتە خۆزگەی ئەو . ڕۆسۆ فەیلەسوفەکان خەتابار دەکات بەوەی کە ڕخنەی لێ دەگرن بۆیە کەدەڵێ فەیلەسوفەکان گرنگی بەهێشتنەوەی دامەزراوەکانی چەوسانەوە ئەدەن وکاریان بۆ ئەکەن

دژکاری فەیلەسوفەکان بەشێکە لە چەقە چەقێی کۆمەڵایەتی بریتیە لەدەربڕینی ناڕاستەقینە بەرام بەر جیهانی ناڕاستەقینەدا

ڕۆسۆ لەناوەندی ژیانی دا لەپاریس دەست بەبلاو کردنەوەی (دیسکۆزی زانیاری وهونەرئەکات) کەدوای بلاو بوونەوە بەتەواوی ژیانی ئەگۆڕێ . ئەمەش وادەکات کەسانێکی زۆر سەردانی بکەن و ئەمەش ئەنێتە هۆی ئەوەی کە کار لە تەندروستی بکات . ئازار لەمیزەڵدانی دا دروست ئەبێت و ئەبێتەهۆی ئەوەی کەڕەنگی زەردوو لاواز بێ .ڕۆسۆ لەڕۆژی خەڵات دانی بەرهەمەکەی لەشانۆ ئەبێ لەو ڕۆژەدا کەبۆ ئەو تەرخان کرابوو . بەڵام شلوشێواو بەڕیشێکی درێژو ئاڵۆسکاوە و قژێکی بژەوە بووە وە ئامادە ئەبێ . ڕۆسۆ لەسەر ئەم شێوە تایبەتیەی خۆی دەنووسێ . ئەم بێشەرمیەم بەلگەی ئازایەتی مە . بەخۆمم وت من لەجێگەی خۆمدام چونکە بەرهەمەکەم دەبینم بۆ ئەم مەبەستەش بانگ کراوم منخۆم بەهەمان شێوەی دیکەی ڕۆژانی ژیانم پۆشیوە.نە چاك ترو نە خراپتر گەرد هەنگاو بۆ خۆگونجاندن لەتەك ڕای گشتی دا بنێم . ئەوا هێندە ناخایەنێ بەکۆیلە دەبم . پاشان بەسکو ڕسوا ئەبینرێم .هەروەها ڕۆسۆ بۆ ڕۆژی دوای ناچێ بەپیر ئەو پێشوازییەی پاشا وە . ڕۆسۆ دەڵێ ئەم نەچوونەم بۆلای پاشا چەند هۆیەکی هەبوو وەك (شەرمنیە نەفرەتیەکەم) بەڵام گرنگ ترین هۆی ئەمەبوو من دەم زانی پاشا خەڵاتم دەکات و موچەیەکیشم بۆ دەبڕێتەوە . گەر نەچم ئوا ئەو موچەیەم لەکیس دەچێ . جاچیە من خۆم لە دەست بەسەری ئەو موچەیە پاراست ((بژی ڕاستی و ئازایەتی و ئازادی)) بەچڕویەکەوە لەئازادی بدوامایە . گەرئەو موچەیەم وەبگرتایە ئەوسا دەبوو یا مەرای بکەم یان بێدەنگبم .

سەرچاوەکان

ژان ژاك ڕۆسۆ ـ کاوە جمال

خەوە کانی پیاسە کەرێکی تەنیا ـ ڕۆسۆ

پەیمانی کۆمەڵایەتی ـ ڕۆسۆ

چۆن جیهانێکی تر بەدی دەکرێت؟

ئەلێکس کالینیۆکس

بزووتنەوەی ڕەخنەگری بەجیهانی بوونی نیولیبراڵی خەباتی خۆی لەسەر چوار پایەی بنەڕەتی سازداوە:

١-دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٢-بەهرەمەندبوونی کاریگەری بەکەڵك لە سەرچاوەکانی جیهان.

٣-نابووریەکی سیاسی.

٤-دیموکراسی.

کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو دڵی خۆی سێ نیشانەی گرنگی تێدا شارایەوە:

١-بەرابەری.

٢-هاوپشتی.

٣-نازادی.

دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەو مانایەیە کە تەواوی ئینسانەکانی سەر گۆی زەوی دەبێ لە تەواوی سەرچاوە سامانە سروشتییەکان بەهرەمەند بن بەجۆرێك کە ئینسانەکان لەژێر سێبەری ئەم گەنجینە گشتییانەدا بتوانن ئەو جۆرەی دەیانەوێ بەخۆشی بژین.

بەهرەمەند بوونی بە کەڵك و کاریگەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرچاوە و سەروەت و سامانە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزرێن. لەو ڕووەوە بەهرەمەند بوونی یەك لایەنەو چەوسێنەرانە لەلایەن سەرچاوە سروشتییەکان و سامانە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرژەوەندی کەمینەیەك لە ئینسانەکان هۆی پەرەسەندنی هەژاری و لەناو چوونی مافی ئینسانی شارۆمەندانی جیهان.

ئابوورییەکی پایەدار یارمەتی کە سەروەتە کۆمەڵایەتییەکان و تەواوی بایەخ و تەواوی شێوازەکانی ژیانی ئاسودە بکەوێتە بەردەستی تەواوی نەوەکانی گۆی زەوی و بۆ داهاتووش بمێنێتەوە. لەژێر سێبەری ئەو ئابوورییە پایەدارە، ژینگەی سالم و شتەکانی تری لەم چەشنە بۆ هەمووان دەستبەر دەبێ. سەرەکی ترین داخوازی بزووتنەوەی ڕەخنەگری بەجیهانی بوونی نیولیبراڵی دامەزراندنی دیموکراتی پایەیی‌یە، دیموکراسیەك کە لە بەرامبەر دیکتاتۆری بازارە ماڵیەکاندا ڕادەوەستێ. ئەو دیموکراسی‌یەی کە بەدڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەدیلی بە جیهانی بوون بەپێی شێوازە ڕادیکاڵەکانی وەك مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ بەڕێوەبەری و خۆ سازماندانە.

ئێستاکە سیستەمی تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ ئەو ئەسڵانە دەخاتە ژێر پێی و زیان لە بەرژەوەندی گشتی دەدا چونکە باوەری بنەڕەتی سیستەمی سەرمایەداری لەسەر پێشبڕکێی ئازادو دەغەلکاری و چەوساندنەوە و تاڵانی سەرچاوە سروشتییەکان و دەستی هێزی کرێکار بنیاتنراوە.

سەرمایەداری لەسەر ڕێگای خۆی هاوپشتی لەناو دەبات و ئازادی لەنێو درۆو فرتوفێڵدا دەبەستێتەوە و بۆ گەیشتن بە قازانجی زیاترو دابەشکردنی ناعادیلانەی سەرچاوە سروشتی‌یەکان بەقازانجی دەوڵەمەندەکان تێدەکۆشێ. ئازادی بۆ ئەو سیستەمە بەمانای ئازادی لە ناوبردنی هەسارەکان و کۆسپ و تەگەرەکانی بەرەپێی سەرمایەداری و جێبەجێکردنی سەرمایەیە.

لەڕاستیدا سیستەمی سەرمایەداری بۆتە هۆی دابەش بوونی ناعادیلانە و سیستماتیکی سەرچاوە ماڵیەکان و سروشتییەکان و لەژێر ناوی بەرگری لە میللەتەکان بەشێکی گرنگی ئەو سەرچاوانەی وێرانکردووەو دەمارە ئابوورییەکانی ژیانی ئینسانەکانی خستۆتە ئیختیار کۆنسێرنە گەورەکان و بەدوای ئەویشدا هێزو دەسەڵاتی سیاسی‌و و ئابووریشی داوەتە دەستی دەوڵەت و کۆنسێرنەکان. ئەو سیستەمە کوێرە تا ئەو جێگایە دەچێتە پێشێ کە بەهۆی ئەم سیستەمە وێرانکەرەوە زینگە و ژیانی لەسەر گۆی زەوی تووشی مەترسی زۆر کردووە. بەدڵنیایی‌یەوە ئەو بزووتنەوەیە ئێستا تووشی لاوازییەکی گەورەیەو تا ئێستا نەیتوانیوە لە بەرامبەر ئەم ڕاستی‌یانەدا بەرادەی پێویست پشت ڕاستکاتەوە. تەنها خەریکی ڕەخنە لە نیولیبرالیزم کردووە و لەسەر داخوازی گەلێکی دیاریکراو پێداگری کردووە.

هەڵبەت پێداگری لەسەر ئەو خواستە دیاریکراوانە بۆتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی گەورە لەئاستی جیهان دا پێك بێت و وەکو سێڵاو بکەوێتە گەر. بەڵام ئێستا ئیتر ئەو بزووتنەوەیە دوای ڕووداو باس و ڕاوێژە زۆرەکانی ساڵانی ڕابردوو وەها توانایەکی هەیە کەبتوانێ لەبارەی بەدیلەکانی سەرمایەداری باس و ڕاوێژ بکات و بیر لەڕێگاچارە بکاتەوە.

یەکێك لە هۆکارە هەرە گرنگانەی کە بۆچی ڕێگا چارەکانی بەدیلە سەرمایەداری‌یەکان وەها بەپارێزەوە دەرواتە پێشی ئەوەی کە لەژێر ناوی سۆسیالیزم هەندێك شکست لە جیهاندا ڕووی داوە. بەو مانایە دوای ڕووخانی یەکێتی شورەوی باس و ڕاوێژ لەبارەی سوسیالیزم و ڕێگاچارەی بەدیلە مۆدێرنەکانی سەرمایەداری تووشی ڕەستان هاتوون یان زۆر جار چوونەتە ژێر پەردەوە.

بەڵام ئەمرۆکە دوای باسێکی تێڕوتەسەل لە جیهان ئیتر دەرکەتووە کە تەنها بەدیلی سەرمایەداری سۆسیالیزمە. مارکس لەسەر ئەو باوەرە بوو کە سۆسیالیزم پرۆسەی هۆشیاری و خۆ بەرابەری‌یە. (هال دالپێر) مارکسیستی ئەمریکایی نێوی سۆسیالیزم لە خوارەوە یان سۆسیالیزمی پایەیی لەسەر ئەو باوەرەی مارکس دانە شتێك کەلەگەڵ سوسیالیزمەکانی لەسەرەوەی ئێستاو ستالیترم و سوسیالیزمی دیموکراتیەتی بەتەواوی جیاوازە. مارکس باوەری ژێرەو ژووربوون و ئاڵوگۆڕی شێوازی سوسیالیستی بە "شۆڕش لەدژی دەوڵەتەکان" ناوزەرد دەکرد.

ئێستا جێگای ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە ئایا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە سۆسیالیزم دەتوانێ بەشێوەیەکی ڕادیکال لەگەڵ ئەو شتەی کە لە شورەوی و بلۆکی ڕۆژهەڵات لەژێر ناوی سۆسیالیزم ڕوودا خۆی جیابکاتەوە. ئەو جیاکردنەوە و سنودرانانە بەدڵنیایی‌یەوە صین و کۆریای شیمالی و کوباش دەگرێتەوە.

یەکەم ئەوەی سۆسیالیزم بەمانای پەرەگرتنی ڕادیکالانەی دیموکراسی‌یە. بەو مانایەی کە پرۆسەی ئابووری بنەماکانی دیموکراسی هەیەو ژیانی سیاسی بەمانای چوون بۆ ناو قوولایی دیموکراسی‌یە. دیموکراسی یەك کە تەنها لەڕێگای هەڵبژاردن و دەنگدانەوە دادەمەزرێت و بەردەوام دەکردرێ و لەنێوان دوو توێژدا دەگەڕێ. ئەو توێژەی پوڵی هەیە بەردەوام سەرکەوتووە. خاوەنانی کۆنسێرنە مالیەکان لەو ڕێگایەوە سیاسەتمەداران دیاری دەکەن و بەهێزی پول تەواوی مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێردران دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

ئەوە لە هەلومەرجێك دایە کە دیموکراسی ریشەیی لەلایەن ئەو کەسانەوە کردەوە دەدرێت کە خۆیان قوربانی ئەم سیستەمە و بارودۆخەن. بە زمانێکی سادەتر لەو جۆرە دیموکراسی‌یەدا سازماندانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە لەلایەن خوڵقێنەرانی ئەو کۆمەڵگایەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێك لەلایەن ئەو خولقێنەرانەوە یانی کرێکارانی ژن و پیاو لەلایەن شورا ناوچەیی‌و سەراسەری‌یەکان و سازماندانی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی‌یەوە بەڕێوەدەچێ.

بۆ ئەوەی کە وەها دیموکراسی‌یەك بەکردەوە دەربێ هەموویان پێویستی یان بەئازادی بەهرەمەندبوون لە زانیاری و ئیمکانات هەیەو دەبێت هەمووان لە باسە عەلەنی و گشتی‌یەکان بەشداری یان هەبێ خۆشبەختانە تەکنەلۆجیای مۆدێرن ئەم کارەی زۆر ئاسان کردووە. لەلایەکی تر بەداخەوە کە ئێستا بیروای گشتی جیهان لەلایەن ڕاگەیەنەرەکانی سەر بە کۆنسێرنەکانی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

لەبواری ئابووری بۆ ئەو دیموکراسی‌یە کۆمەڵایەتی بوونی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و هەروەها بۆ پەیوەندی بەدەنە کۆمەڵایەتی‌یەکان، پێویستی مان پێکهاتەیەکی جیا لەو شتە هەیە کارگێری دەکات ئەو پرۆسەیەش بە سیستەمێکی دیموکراتیك بۆ بەرنامە دارشتن هەیە تا لەسەر دابەشکردنی سەرچاوە سروشتی‌یەکان ساغ بێتەوە سەرەنجام ئابەشکردنی داهاتەکان تائەو جێگایەی کە ئیمکانی هەیە دەبێ بەپێی لە بەرچاوگرتنی توانایی تاکە کەسی‌و پەیوەندی خواستەکانی هەر ئینسانێك بێت. سەرچاوە مەعدەنی‌یەکان و کارخانەکان سەروەتی کۆمەڵایەتین. بەڵام هێزی کاری کارێکاران پەیرەوی ئەم قاعیدەیە نی‌یە. بەو مانایە هەر ئینسانێك ئازادە کاری خۆی هەلبژێرێ و هەر کاتی کەپێی خۆش بوو بتوانێ بیگۆڕێ "ئازادی تاکە کەسی لە هەڵبژاردنی پیشە". هەڵبەت سەرمایەداری بەردەوام ئەو وەعدو بەڵێنانەی لەقسەدا وتووە بەڵام لە کردەوەدا هیچ کات نائەنجامی نەداون.

بەبروای من تەواوی ئەو ئەرزشانەی کە بزووتنەوەی بەدیلی بە جیهانی بوون بۆ کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی ناوی لێ دەبات و خەباتی بۆ دەکات ڕاست و دروست و واقیعی‌یە ئەو کەسانەی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەیەکەوە لەدەست دەگرن هیچ کات ڕێگەنادەن کە مافەکانیان پێشێل بێت و لە سۆسیالیزمی پایەیی‌دا ماف و ئازادی و بەرابەری یان دەبێت ئیتر دەربەستی ئەوە نین کە لە ژێر بارودۆخێکی چەوسێنەرانەدا خۆیان بخەنە بەر پێی سەرمایەداری‌یەوە و ئیتر هیچ ژیان و کاریان بە سیستەمی سەرمایەداری‌یەوە وابەستە نابێت. سیستەمێك کە هەر ڕۆژ زیاتر لەڕۆژی پێشتر بە کەڵك وەرگرتن و کوشت و بڕو لەناوبردنی دەرفەتێکی باشتر بۆ ژیانی باشتری ئینسانەکان یارمەتی بەدروست بوونی بازارە مالیەکان دەکات.

ئەگەر تەواوی ئەو ئینسانانە خۆیان بەسەر ژیانی خۆیان و کۆمەڵگاکەیاندا کارگێری بکەن بە دڵنیایی‌یەوە هەموو دەتوانن بەشێوەیەکی یەکسان لە مەزایەی کۆمەڵایەتی و سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتی و گشتی بەهەرەمەند بن.

سۆسیالیزم وەکو سیستەمێکی ئابووری سیاسی بەمانای شێوازێکی پێشکەوتوو لە دیموکراسی‌یە. دیموکراسیەك کە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ سەرمایەداری نی‌یەو هیچ کات باسی لێوە ناکات. دیموکراسیەك کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆتایی بە بازارە مالیەکان بێت و بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار بۆ تەواوی ئینسانەکان ئەم دەرفەتە بخوڵقێنێ. کە بەشێوەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش ژیانێکی شەرەفمەندانە ببنە پێشی و ژینگەیەکی نوێ پێك بێنن کە بەکاری ژیان بێت وە لەبەرامبەر ئەناوچوونی ژینگە خەبات بکەین هەتا نەوەکانی داهاتووش بتوانن لە خۆشگوزەرانی ژیان لەسەر گۆی زەوی بەهرەمەندبن.

سەرچاوە:

ماڵپەڕی ڕۆشنگەری مارکسیست